# هەڕەشەی تورکیا بەرامبەر خەڵکی کوردستان دەبێت پووچەڵ بکرێتەوە!

بە دوای بڕیاری حکومەتی تورکیا بۆ لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستانی عیراق، جەماوەری کوردستان لەگەڵ هەڕەشەیەکی جیددی تر بۆ سەر ئەمنیەتو ژیانیان لە لایەن ئەم دەوڵەتەوە بەرەوڕوون. ئەم بڕیارە سەرەتای دەورەیەکی نوێ لە مەترسیو پەلاماری سەربازی بۆ سەر کوردستانەو پێویستی بە وەستانەوەو بەرپەرچدانەوەیەکی کاراو هەمەلایەنە لە لایەن جەماوەری کوردستانەوە هەیە.

شەڕی نێوان دەوڵەتی تورکیاو پەکەکە تازە نییە. پەکەکە کە زیاتر لە سیساڵە لەم ناوچەیەدا هەیەو لە بەرامبەر دەوڵەتی تورکیادا کاری سەربازی ئەنجام دەدات. زەقکردنەوەی ناوبەناوی ئەم کێشەیەو توندکردنەوەی فەزای میلیتاریستیو لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان بیانوویەکە بۆ شوێنکەوتنی سیاسەتو ئامانجی تر. سەرچاوەی ئەم سیاسەتە هەوڵدان بۆ سوودوەرگرتن لە هەلومەرجی پشێوی عیراقو کوردستانو لێکترازانی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا لە پێناو پەیداکردنی جێگا پێیەکی مەحکەمو دیاریکردنی ئاراستەی ئاڵوگۆڕەکان لە عیراقو کوردستاندا بە پێی بەرژەوەندیە کۆنەپەرستانەکانیو جێخستنی باڵادەستی زیاتری ئەم دەوڵەتە لە ئاستی ناوچەکەدایە. لە سایەی وەزعێکدا کە جەنگو داگیرکاری ئەمریکا خولقاندوویەتی بوار بۆ دەوڵەتە ملهوڕەکانی ناوچەکە کراوەتەوە کە هەر کات بیانەوێت لە پێناو مەرامە گڵاوەکانی خۆیاندا بە شێوەی جۆراوجۆر دەست لە وەزعی عیراق وەردەنو بۆ ئەم مەبەستەش بیانووی پووچ دابتاشن.

لەم بارەیەوە دەوڵەتی تورکیا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە لەسەر پیسترین پەت یاری دەکاتو لە پێناو مەرامەکانی خۆیدا هەوڵیداوە کێشمەکێشی کۆنەپەرستانەی قەومیو تائیفیو سیناریۆی کارەساتباری ئەم کۆمەڵگایە قووڵتر بکاتەوە. بەرجەستەکردنەوەی کێشەی تورکمانو تەدەخولی کۆنەپەرستانە لە کێشەی کەرکوکدا بەئاراستەی فراوانکردنەوەی ململانێی قەومیو مەزهەبی لەم شارەدا، هاندانو پاڵپشتیکردنی هێزە ئیسلامیو قەومیە سوننیەکان نموونەی ئەو کردەوانەن کە ناوەڕۆکی نائینسانیو کۆنەپەرستانەی ئەم سیاسەتە دەردەخەن. هەڕەشەی سەربازیو بۆمبابارانکردنی گوندەکانی سەرسنوورو تێکدانی ماڵو ئاوارەکردنی خەڵکی بێ دیفاع کردەوەیەکی تری قێزەونە بە هەمان ئاراستەدا.

لە بەرامبەر ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیەی دەوڵەتی تورکیادا، وەڵامێکی پڕ بە پێستو کاریگەر پێویستە. دەسەڵاتی پارتیو یەکێتی بە چاوەڕوان مانەوە لەسەر هەڵوێستی ئەمریکاو دەسەڵاتی بە ناو فیدرالی عیراقو دەرگاکردنەوە بۆ سازشو تەسلیم بوون بە مەرجەکانی حکومەتی تورکیا لە ڕاستیدا سیاسەتی خۆگونجاندنو ملدان بەم هەڕەشەو گوڕەشانەو سازان لەگەڵ ئەم دەوڵەتە کۆنەپەرستەدا هەڵدەبژێرن. ئەم سیاسەتە لە ڕابردوودا فەشەلو دووری لە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانەوە ئاشکرا بووە. خەڵکی کوردستان دەبێت ڕێگایەکی تر بگرنە بەر.

خەڵکی کوردستان پێویستە هێزی فراوانی خۆیان بۆ نارەزایەتیو مەحکومکردنی هەڕەشەی سەربازی دەوڵەتی تورکیاو بۆردومانکردنی ناوچە سنووریەکانو هەموو سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی ئەم دەوڵەتە لە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی کوردستان، میلیتاریزەکردنی زیاتری فەزای ناوچەکەو خۆشکردنی ئاگری شەڕی قەومی دەربڕن. پێویستە لە جێگای پشت بەستن بە ئەمریکاو هەڵوێستی دەسەڵاتی مەرکەزی عیراق ڕای گشتی دنیاو ئازادیخوازانی ناوچەکە بۆ پشتیوانی لە ژیانو ئەمنیەتی جەماوەری کوردستانو بەرەنگاربوونەوەی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانیەی دەوڵەتی تورکیا بانگەواز بکەن. تەنانەت خەڵکی کوردستان دەبێ ئامادەیی ئەوە پەیدا بکەن کە لەکاتی پێویستدا بۆ پارێزگاری لە خۆیانو ئەمنیەتو ماڵو حاڵیان دەستبدەنە چەکو بە چەک بەرگری لە خۆیان بکەنو سەرەنجام ئەم دەوڵەتە ناچار بە پاشەکشەو کۆتایی هێنان بە سیاسەتی دوژمنکارانە بەرامبەر خەڵکی کوردستان بکەن. ئەم بەرپەرچدانەوە هەمەلایەنەیە دەبێ بە پێی سیاسەتێکی سەرڕاستو پشتبەستن بە ئیرادەی سەربەخۆو هۆشیارانەی خەڵکو سەربەخۆ لە سیاسەتی پڕ پێچاوپێچو سەروو خەڵکیو پاشکۆیانەی ئەحزابی ناسیۆنالیستو دەسەڵاتەکەیان بەڕێوە بچێت.

زامنی کۆتایی هێنانی یەکجاری بە هەڕەشەو پەلاماری سەربازی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکان بۆ سەر کوردستان، کۆتایی هێنان بە هەلومەرجی هەڵواسراوییو گێژاوێکی سیاسیە کە ماوەی زیاتر لە 16 ساڵە درێژەی هەیە. ئەم ناوچەیە بۆ ماوەی 12 ساڵ لە سایەی سیاسەتی ئەمریکاو لەژێر هەڕەشەی دووبارە گەڕانەوەی ڕژێمی هاری بەعسدا لە سەرگەردانیدا ڕاگیرابوو و ئێستاش بۆ ماوەی 4 ساڵەبە نقوم کردنی لە ناو گێژاوی سیاسی عیراقو لکاندنەوەی بە وەزعی ئێستای عیراقەوە، هەروا لە گێژاوو هەڵواسراویدا ڕاگیراوە. ئەوەی پێی دەوترێت دەوڵەتی فیدرالی پرۆژەیەکی شکستخواردوو و پەردەیەکە بۆ داپۆشینی ئەم گێژاوە سیاسیە کوشندەیەو زەمینەی لەباری بۆ دەوڵەتە ملهوڕەکانی ناوچەکە سازکردووە کە بەم جۆرەی تورکیا هێرشو پەلامار بۆ سەر کوردستان بهێنن. ڕێگای وەدیهێنانی ئەمنیەتو بەرگرتن بە هەڕەشەی سەربازی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومیو علمانیە لە کوردستاندا. ئەمەش یەکێک دەبێت لە سیاسەتو ئەولەویەتەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان.

**کۆمیتەی ئامادەکاریی بۆ دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

17-10-2007